# شیعر و قەیرانی ڕەخنە

عومەر جەلال-چەمچەماڵ

بڕواناکەم لەوەتەی مرۆ درووست بووە تا هەنووکە کەسێك هەبێت توانیبێتی پێناسەیەکی نەگۆر و ڕەها بۆ شیعر بکات ,یان بەمانەیەکی دی شیعر ئەو چەمکە یە کە پێناسەی ئەستەمە ,ئەوەی لەمێژوودا بەزیندووی ماوەتەوە لە پاڵ چەمکەکانی دی دا تەنیا شیعرە ,ئەگەر بەراووردێك بکەین لەم سەردەمی گلۆباڵ و مودێرنەدا دەگەینە ئەو دەرە نجامەی کە ئەمرۆ شیعر لە قەیرانێکی گەورەدا دەژێت,زۆر بوونی سایت و رۆژنامەکان دەرگایەکی نێگەتیڤبوون بە ڕووی شیعردا ,لەساتێك رۆژنامەیەك یان سایتێك بەلایەوە گرنگ نیە ئەوەی بلاوی دەکاتەوە تێکستە بەمانە ئەدەبیەکەی,بەڵکوگرنگ دوانەکەوتنی رۆژنامەکەیە,ئەوەی بەڕوونی دەبینرێت لە پاش ڕا پەرینەوە نەوەیەك شاعیری ئاکتیڤ درووست بوون ,توانیویانە زمانی کوردی بەزیندووی ڕابگرن,هەرچەندە لە پاڵ ئەم نەوە نوێ یەدا کۆمەڵێك بەناو شاعیر پەیدابوون ,( رێزم هەیە بۆ ماندوبوونیان ) بەلاّم دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین کە گەورەترین زیانیان لەزمانی کوردی و تەکنیکی شیعر داوە,ئازارەکە لەوەدایە ئەو بلاّوکراوانەی بلاّوی دەکەنەوە,چەند بارە چاپ دەکرێنەوە ,بە بەرگێکی جوانەوە ,کەز ۆر سات دڵنیام ڕەنگە خوێنەر( مەبەستم ئەو خوێنەرە سادانەیە ئەوانە بەشاعیر دەزان ) تەنیا لەبەر ئەو وێنە ڕەنگاو ڕەنگانەی کە بەسەرەتای نامیلکە شیعرەکەوەیە بووەتە توانای نووسەرەکە,لە کاتێکدا دەبینین قەڵەمە بەتواناکان دەکرێنە دەرەوەی بازنەی شیعرەوە کە هەندێك سات بلاّوکراوەکانیان فەرامۆش دەکرێت,کەئەمەش یەکێکە لە زیانە گەورەکانی کە بەر پایەکانی شیعری نەوەی ئێمە کەوتووە ,جگە لەوەی کە ئەمرۆ لاوازیەك لە شیعری کوردیدا دەبینرێت,ئەویش زۆربەی نوسەرە شاعیرەکا نمان لەبری ئەوەی تێکستێکی ناسك بنووسن دەچن ووتارێکی سیاسی یان ووتارێکی بێمانا دەنووسن ( کە ئیشیئەوان نییە )ئەمەش یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگانەی کەرۆڵی هەبووە لە لاواز بوونی شیعر و کەمی نوسینی شیعر,

خاڵێکی دیکە کە لە هەموو ئەو فاکتەرانەی دی گرنگە باس بکرێت,ئەویش رەخنەی ئەدەبی و خوێندنەوەو هەڵسەنگاندی تێکستە زیندووەکانن,لە پاش ماوەیەك شاعیرێکی بەتوانا دیوانە شیعریەك بلاّو دەکاتەوە ,کەمترین خوێندەنەوە و هەڵسەنگاندی بۆ دەکرێت لە پاش ماویەکی نزیکدا بەمردووی ئەو دیوانە دەدۆزرێتەوە ,بەهۆی لاوازی رەخنەو خوێندنەوەی تێکستی سەرکەوتوو,کەم کەس هەیە نەیبیستبێت کە کورد لەسەرتای رۆشنبیریەوە بەشیعر دەستی پێکردووە ,تەنانەت زۆر سات باس لەوە دەکرێت کە هەموو کورد شاعیرە ( دەشێ ئەمە پەیوەندی بە سۆزداری وچەند فاکتەرێکی ژیانی کوردەوە هەبێت ) شیعری نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو توانیویەتی زەنگێکی ئاگادار کردنەوە لە مێژووی شیعری کوردی دا لێبدات,بەلاّم ئەو قەیرانەی کە ئەمرۆ لەسەرشیعری کوردی درووست بووە لە پاش نەوەی نەوەدەکانەوە شاعیرێکی وا درووست نەبووە کە جودا بێت لە شاعیرەکانی پێش خۆی( لەڕوانگەی تەکنیك و نوسینەوە ) دەشێ زۆر لاوازبوبێت ,ئەمە ناکاتە ئەوەی کە شیعری جوان نانوسرێت بەڵکو لەئاستی سەردەم و کرانەوەی کۆمەڵگەدا نییە ,

دەتوانم بڵێم ئەو شیعرانەی لە پاش ساڵی دوو هەزارەوە نوسراون هیچ جیاوازیەکیان نییە لەو شیعرانەی کە لە پێش ساڵی دوو هەزار نووسراون, جگە لەچەند شاعیرێك ئەوانەش لە ئەندامەکانی پە نجەی دەست تێپەر ناکەن,هیچ نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئەمڕۆ لە مێژووی ئەدەبی کوردی دا خاوەن دەیان تێکستی سەرکەوتووین بەلاّم ئەمە پێوانە نییە بۆ ئەوەی کە شاعیرەکانمان لە لوتکەدان,هەڵەی شاعیرانی ئێمە لەوەدایە پاش چەند دەیەیەك شیعر دەنووسن ,بەلاّم بە پیّ ی تەمەن و ڕووداوەکان دەوەستن لە شیعر (تێکستی لاواز دەنووسن) دڵنیام لەوەی کە زۆرینەی کەسایەتیە سیاسی و مێژوو نوسەکان , رۆژنامە نوسەکان رۆژانێك بووە شیعریان نوسیەوە و هەنووکە ڕوویان لە بواری دی کردووە (زۆر کارێکی سرووشتی و ئاساییە بەلاّم گرنگ ئەویە ئەوانەی کە واز لەشیعر دێنن بتوانن لە بواری دی سەرکەوتووبن) نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە ئەمڕۆ ئێمە خاوەن چەند زانکۆیەکین لە کوردستاندا چەندین پرۆفیسۆر و نوسەرو رەخنەگرمان هەیە بەلاّم بە پیّ ی پێویست نەیانتوانیەوە کار بۆ جوانترکردن و ڕەخنەو خوێندنەوەی نویّ بۆ شیعر بکەن کەئەمەش یەکێکە لەو فاکتەرانەی رۆڵێکی گرنگی هەیە لەنوێبوونەوە و پاراستنی شیعردا ,ئەفسوس زۆر جار نووسەرانی دەروەی زانکۆ خوێندنەوە بۆ شاعیرو ڕەخنەی سەرکەوتوو لە شیعر دەگرن ,ئەمش جێگای خۆی کردۆتەوەە لە رەخنەی ئەدەبیدا ,

Omargalal2004@yahoo.com